# گوارەی بە نەخش و لە دار



هەمیشە زانیوامانە کە کەرەستە و ئێکسسوارەکانی جوانکاری لە مادده و کانزای گرانبەها دروست دەکرێن، نەخشەکانیش بە چەندین شێوەی جۆراوجۆرن، بەڵام ئەمجارەیان یەکێک لە ئێکسسوارەکانی لەو ماددانە دوور خستۆتەوە و لە ماددەیەکی دیکەی سووك لە کێش و سادە لە جوانیدا دروست کردووە. ئێستا زۆربەی مۆدەکانی ئێکسسوارەکان لە دار دروست دەکرێن، وێڕای ئەوەی کاری دروستکردن و نەخش کێشان لەسەر ئێکسسواری دار قورسە، بەڵام لە جوانیدا ناسکە و لە نەخش و دیکۆریش سەنگینە، یەکێك لەو مۆدە باوانەی ئێکسسوارەکانی وەرزی هاوینە، گوارەی نەخشدار و لە دارە، تا هاوشێوی کەرەستەکانی دیکەی سرووشتی، لە گوێچکەی خانمانەوە بێت. وەك پسپۆڕان دەڵێن: ئێکسسواری دار، یان گوارەی دار، سووکە لەسەر گوێچکەدا و ئازاری پێستی ژێر و دەوروبەری گوێ نادات، هەروەها نەخشی سەر دار هەمیشە لە نەخشی ماددەکانی دیکە جوانتر و رازاوەترە، جگە لەوەی لە جوانیدا ناسکە و دەتوانی هەر شێوەیەکت مەبەست بێت، لەسەر گوارە دارەکەتی بنەخشێنیت.







# چۆن سووراو و بۆیەی لێوانت زۆرترین ماوە دەمێنێتەوە



بە پێچەوانەی هەموو کەرەستەکانی دیکەی ماکیاژ، بۆیە و سووراوی لێو، خێراترین کەرەستەیە کە ماوە ماوە پێویستی بە تازەکردنەوە هەیە چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر لێوانی خانمان نامێنێت، ئەوەش گرفتیان بۆ دروست دەکات و دەبێ زوو زوو خەریکی لێو سوورکردن و سووراو لێدان بن. لێرەوە ئاشنای جۆر و شێوەی ئەو بۆیە و سووراوانە کە بۆ زۆرترین ماوە دەمێننەو:

- سووراوی بە بریقە: زۆربەی خانمان وادەزانن کە سووراوی بە بریقە، هەر زوو دەڕوات و نامێنێ، بەڵام وا نییە و بۆ زۆرترین ماوە دەمێنێتەوە، تەنیا بریقەکەی لە دەست دەدات، چونکە ماددەی یەکترگری تێدایە و بە لێوانەوە دەسووێت، واباشە رۆژانە دوو جار سووراوی بە بریقە تۆخ بکەیتەوە.

- سووراوی سوواندوو: جۆرێکی دیکەی سووراوە، کە بە سووراوی پێوەنووسانەوە بەناوبانگە و ماددەی پڕ و یەکترگری تێدایە. ئەو جۆرە سووراوە باوە و نزیکەی (٤٠) رەنگی هەن، دوای لێدانی ئەو جۆرە بۆیەیە وا بۆت دەردەکەوێت کە بۆیە و سووراوەکە بە لێوەتەوە جێگیر کرابێت و زوو لێناچێت.

- سووراوی سەرکەوتوو: وەك چۆن دەگوترێت کە فلین و دار سەر ئاو دەکەون، ئەو جۆرە سووراوەش سەر پێستی لێوانت دەکەوێت، بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و لە جۆرە نایابەکانی سووراون، دەتوانی رۆژانە جارێك بەیانیان و ئێوارانیش دووجار تۆخی بکەیتەوە.



(ئاشلی گراهام)، پسپۆڕی جوانکاری و لەش و لارە، جگە لەوەی کە خۆیشی کاری نمایشکاری جل و بەرگ دەکات، دەربارەی ئەوانەی جەستەیان پڕە و هەست دەکەن کێشان بەپێی پێویست و بە دڵی خۆیان نییە، دەڵێ: ئەوانەی هەست دەکەن جەستەیان پڕە و ئەوەندە بە ئاسانیش ناتوانن کێشیان دابەزێنن، بەڵام دەتوانن لە ڕێگەی جلەکانەوە ئەو بەشە کێشی جەستەیان ون بکەن و بیشارنەوە، واتە دەتوانی لە ڕێگەی جلەوە پڕیی جەستەت لەناوببەیت و پێویست ناکات ریجیمێکی بەهێز و زۆر بکەی، لێرەوە ئاشنای ئەو جل و بەرگانە ببە کە پڕیی جەستەت دەشارنەوە :

- جلی ڕەنگی شینی تۆخ: تاکە ڕەنگە کە جەستەت توند و تۆڵ و بچووکتر نیشان دەدات، ئەوانەی جەستەیان پڕە دەتوانن کراس، بۆدی، یان قەمیسی شینی تۆخ لەبەر بکەن و پڕیی لەش و لاریان دەشارێتەوە.

- کراسی تێکهەڵکێش (Monif C) جۆرە کراسێکە، کە زۆربەی بەشەکانی دەچێتەوە ناویەکتر و لەیەکتر تێکهەڵدەکێشرێت، جگەی لەوەی جوانی مێینە و ناسکی جەستە دەردەخات، هەروەها لەش و لارت باریکتر و بچووکتر دەردەکەوێنێت.

- پانتۆڵی جینز: نابێت پانتۆڵێکی تەسك و بچووکتر لە پێوانەی خۆت هەڵبژێری، چونکە جەستەت زیاتر دەردخات، بۆیە دەبێ ئەو جینزانە هەڵبژێریت کە کەمەر بەرز و تا سەر پاژنەی پێی دەبن.

- پێڵاوی سەرنجڕاکێش: هەوڵدە پێڵاوەکەت لە ڕەنگ و نەخشێکی سەرنجڕاکێش بێت، تا ئەوانەی بەرامبەرت دەبن، ئەوەندە سەرنج نەدەنە لەش و لارت، بەڵکو پێڵاوەکەت سەرنجیان رابکێشێت، هەر بۆیە پێڵاوی ڕەنگی نیۆد و مانۆلۆ پلانیك لەپێی بکە، کە قاچیشت باریکتر دەردەخات.

- تەنوورەی هێڵدار و ڕەنگی ڕەساسی: ئەوانەی جەستە پڕن و خولیای پۆشینی تەنوورەن، دەتوانن ئەو جۆرە تەنوورانە هەڵبژێرن کە هێڵی ستوونی تێدایە و بەمەش لەش و لارت باریکتر دەردەکەوێت.

# لەش و لارت چۆن باریک و بچووکتر دەردەکەیت

# جــــوانترین درەخت



هەزاران جۆرە ڕووەك و دار و بار هەن، هەر یەکە شێوە و شێوازێکی هەیە، هەیە لە جوانیدا چاوەکان بەرگەی ناگرن، هەروەها هەندێکی دیکەیان ناکەونە بەر دڵان، بەڵام ئەوەتا جوانترین دار لە جیهان هەیە، ئەو دارە بە داری دەماری خوێن و تەنین ناسراوە. ئەو دارە لە باخچەی (کوکوکریێتەر) لە ناوچەی (هۆنۆلۆلۆ) لە هاوایی دەڕۆیت. شێوەی سەرەوەی وەکو دەمارەکانی خوێنی مرۆڤ وایە، هەندێکی دیکەش بە داری سەراوژێری بانگ دەکەن، وەك ئەوەی ڕەگەکەی لەژێر زەوی نەبێت و بەدارەوە هەڵواسرێ. سەرەتای دۆزینەوەی ئەو دارە بۆ ساڵی (١٨٣٥) دەگەڕێتەوە، کاتێك دکتۆرێك بەناوی (سینابیێری- cinnabari)، بەگەشتێك سەردانی ئەو شوێنەی کردووە و ناوی ناوە (دراکۆ – Pterocarpus)، دواتر لە ساڵی (١٨٨٠) زانایەکی ئوستکلەندی بە ناوی (ئیسحاق بایلی بالفۆر) ناوی نا (خوێنی مل). ئەو دارە دارێکی خۆڕسکە و لە خۆیەوە دەڕوێت، بەبێ دەستکاری مرۆڤ، شێوەی بەم جۆرە دەردەچێ، نزیکەی (١٦) مەتر زیاتر بەرز دەبێتەوە و پانیشی لە هەندێکیان دەگاتە (١) مەتر.

# هوتێلی بێ دەرگا و دیوار

پێویستە هۆتێل لە هەموو شوێنێك ئارامتر و بێدەنگتر بێت، تا ئەوانەی سەردانی دەکەن، لە کەشێکی هێمندا پشووی خۆیان بدەن، بەڵام بیرۆکە سەیرەکان ئەو ڕێچکەیەی شکاندووە، هەر بۆیە هوتێلی بەبێ دەرگا و دیواری هێناوەتە کایەوە. ئەو هوتێلە بێ دەرگا و دیوارە ناوی (نوول ستێرن)ـە و لە وڵاتی سویسرا لە چەندین شوێنی بەرز و لە شاخ و کێودا ئامادە کراوە، جێگەی دوو کەس دەبێتەوە و هەموو خزمەتێکیان بۆ دابین کردوون، بە تایبەت ئەگەر کەش و هەواش گونجاو بێت، ئیدی ئەو جۆرە هوتێلە جمەی دێت، لەگەڵ ئەوەی هەر شەوێکی بە (٢٠٠) دۆلارە، لە بەرزایی (١٩٠٠) مەتر دانراون، بیرۆکەی ئەو جۆرە هوتێلە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی شوێنی گونجاو کە کەشێکی وای هەبێت ئەو جۆرە هوتێلەی تیادا بکرێتەوە، دوا خرا. جوانی ئەو هوتێلە لەوەدایە کە مرۆڤ لە نێو سرووشت و شەوانەش بە بینینی ئاسمان و ئەستێرەوە دەخەوێت، ئەو بیرۆکەیە لەلایەن دوو کەس بەناوەکانی (فرانك و پیتەر راکلین) هاتەئاراوە و هەر خۆشیان کاریان لەسەر کرد.





# تەمەنی (١٢٥) ساڵە و داوای شوو دەكات


دەگوترێ ئەوانەی دەچنە تەمەنەوە، هەست و دڵیان بەرەو گەنجێتی و منداڵی دەگەڕێتەوە، تا چەند تەمەنت زۆرتر بێت، زیاتر حەز بە ژیانی گەنجێتی و منداڵی دەكەیت، وەك ئەوەی لەلای هەندێ لە داپیرە و باپیرانمان جار جارە بەدی دەكەین، نموونەی درووستیش بۆ ئەو قسانەی سەرەوە، ئەو ئافرەتە بە تەمەنە لوبنانییەیە، كە ئێستا لەسەر لێواری مەرگە، كەچی دڵی وەك كچێكی گەنجە. (مەیموونە) ئەو ئافرەتە تەمەن (١٢٥) ساڵەیە كە جەنگی جیهانی یەكەمی لە بیر ماوە، ژیانی منداڵی لە لوبنان بردۆتە سەر، دواتر لە تەمەنی (١٧) ساڵی شووی كردووە و پاشان گەشتی كردووە بۆ دێیەك بە ناوی (دەبابیە) لەسەر سنووری نێوان سووریا و لوبنان ژیاوە، دایكی (٥) منداڵە، كە كوڕێك و چوار كچن، ماوەی (٣٩) ساڵە هاوسەرەكەی كۆچی دوایی كردووە، دڵی مەیموونە وەك كچێكی گەنج وایە، لەبەردەم میوانان و كوڕ و كچەكانی دەڵێ: ئێستاش ئەگەر كوڕێك یان پیاوێكی قۆز داوام بكات، ئامادەم شووی پێبكەم!

# كەرەستە و كەلوپەل لە شێوەی باڵندە و گیانداران

دیكۆر و كەرەستەكانی ماڵ هەر یەكە لەسەر شێوە و نەخشێك دروست دەكرێن، زیاتریش سوود لە دیمەنی سرووشتی و باڵندە و گیانداران دەبینرێت تا پارچەیەكی ماڵ لەسەریان بنەخشێنرێن. هەر بۆیە ئەندازیارێكی سویسرِی بە ناوی (مارسیل واندرس چاریلتۆن)، كۆمەڵێك دیزاینی نایاب و سەرسوڕهێنەری بۆ كەرەستەكانی ماڵ چێ كردووە، زۆربەی دیزاینەكانی لەسەر شێوەی باڵندە و گیاندارانن، وەك تاخمی قەنەفەی ماڵ لە شێوە و ڕەنگی پڵنگە، هەروەها مێز و كورسی لە شێوەی فیل و پشتی ئەسپە، سەیرترینیان گڵۆپ و ئێكسسواری جوانییە كە لە شێوەی باڵندە دروستی كردووە، ئەو كەرەستانە لە دوورەوە وەك باڵندەیەكن كە بگەشێنەوە، بەڵام لە نزیكەوە گڵۆپێكی سادە و لەشێوەی باڵندەیە. وا بڕیارە ئەو ئەندازیارە لە داهاتوودا هەموو كەرەستە و كەل و پەلەكانی ماڵ لەسەر شێوەی باڵندە و گیانداران دروست بكات، تا مرۆڤ لە ماڵەكەشیدا هەست بە گیانداران و كەشێكی سرووشتی بكات.




## پەند و وتە



**- هێنری فۆرد، کەسایەتییەکی بیزنسکار و پیشەوەری ئەمریکییە، لە ساڵی دامەزرێنەری کۆمپانیای فۆرد بووە، لە ساڵی (١٨٦٣) لە دایك بووەو لە ساڵی (١٩٤٧) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی زانست و فێربوون گوتوویەتی:** ئەوانەی خۆیان لە زانست و زانین و فێربوون بە دوور بگرن و خۆیانی لێ بێبەری بکەن، ئەوانە تووشی پیربوون و نزیکبوونەوە لە مردنن، تەنانەت ئەگەر لەقۆناغی هەرزەکاری تەمەنیان، یان هەر قۆناغێکی ژیانیان بن.

## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لە هەندێ مرۆڤ دەکات، کە ئەوەندە خوویان بە پارە و سامانەوە گرتووە، کە هەندێکیان کەڕ کردووە و هەندێکی دیکەش کوێر و هەندێکی دیکەش بێ زمان.



## نوکـــــتە


- جارێك منداڵێك هەر دەگریا، پیاوێکیش لێی پرسی بۆ دەگرێ؟ ئەویش گوتی: هەزار دیناریيەکم ون کردووە، پیاوەکەش پێدەڵێت ها ئەوە هەزار دینار، بەڵام مەگری. منداڵەکە هەزارەکەی لێوەردەگرێت و دەست دەکاتەوە بە گریان! پیاوەکە دەڵێ: ئەوجارە بۆ دەگری؟ منداڵەکە دەڵێ: ئەگەر هەزارەکەم ون نەکردبایە ئێستا دوو هەزارم دەبوو!



## بۆ زانیاريت

**- شێوەی مرۆڤ**

لە ماوەی (٥٠٠٠) ساڵی رابردوودا گۆڕانکارییەکی گەورە لە جینەکانی مرۆڤدا روویداوە، کە (١٠٠) هێندە زیاترە لە گۆڕانکارییە جیناتەکانی پێشوو لە لاشەی مرۆڤدا، مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە جیناتەکانیان جیاوازترە لەو مرۆڤانەی کە (٥٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا ژیاون، مرۆڤەکانی (٥٠٠٠) ساڵ پێش ئێستاش جیناتەکانیان جیاوازتر بووە لەو مرۆڤانەی (٤٠٠٠) ساڵ پێش ئەوان ژیاون. بۆیە بێگومان ئێمەی مرۆڤیش تووشی پەرەسەندن بووین لە رووی رەنگ و شێوە و روخسار و هەست و سۆز و رەفتار و ..هتد. ئەو مرۆڤانەی ١٠٠٠٠ ساڵ دوای ئێمە دێن، گەر ژیان تا ئەو کاتە بەردەوام بوو، ئەوا بێگومان ئەوانیش دەگۆڕێن و زۆر جیاوازتر دەبن لە ئێمە. زۆرجار وێناکردنی پێشکەوتن بە ریزبەندی بوونەوەرەکان کە بە شیمپانزی دەست پێدەکات و بە مرۆڤ کۆتایی دێت، وە ئەم جۆرە وێناکردنە چەندان شێوەی تێگەیشتنی هەیە کە دەشێت یەکێك بێت لەو هۆکارە گرنگانەی کە وایکردووە زۆرکەس بە هەڵە لە پەرەسەندن تێگەیشتبێت.



## گەورەتریـــــن

کۆنترین و گەورەترین دەروازە و دەریاچەی گڕکان دادەنرێت، لە ساڵی (١٩٠٦)ـەوە تا ئێستا کە دەکاتە ماوەی (١١٠) ساڵە بەردەوام ئاو و ئاگری لێی دەردەچێت، ئەو دەروازە گڕکانییە دەکەوێتە ناوچەی (تەلفەر) لە وڵاتی ئەسیوپیا، پلەی گەرمی لەو شوێنە دەگاتە (١١٠) پلەی گەرمی، ئەو وێنانە لەلایەن



## کورتـــــە چیرۆک

**- زێڕی راستەقینە**

جووتیارێك هەبوو هەستی کردبوو کە وادەی مردنی هاتووە، بۆیە منداڵەکانی بانگ کرد و پێی گوتن: رۆڵەکانم ئاگاداربن دەست لە زەویی باب و باپیرانتان هەڵنەگرن، چونکە زێڕێکی زۆری تێدایە، شوێنی زێڕەکە پێ نازانم،



## ـــن دەروازەی گڕکان


وێنەگرێکی پورتوگاڵی بەناوی (جویل سانتۆس)ی تەمەن (٣٨) ساڵەوە گیراون، کە تەنیا بۆ وێنەگرتنی ئەو سەرچاوە گڕکانییە سەردانی ئەو شوێنەی کردووە، زۆربەی جیۆلۆجیناسان و پسپۆڕان بە دەروازەی سەرەکی بۆ ناوەندی زەوی دادەنێن، هەروەها دەڵێن یەکێکە لە دەرگاکانی دۆزەخ!



بەڵام دڵنیام ئەگەر بە وردی و بە باشی زەوییەکە بکێڵن و چاکی بکۆڵن ئەوە زێڕ و زەبەندەکە دەدۆزنەوە. نابێ هیچ شوێنێکی تێدا بەجێبهێڵن و هەموو شوێنێکی بپشکنن تا دەیدۆزنەوە. منداڵەکان پاش ئەوەی باوکیان مرد، کێڵگەکەیان سەرتاسەر کێڵا، ئەم لاو گەڕان، جێگایەك نەما نەیپشکنن، بەڵام زێڕیان نەدۆزییەوە و تەنیا نامەیەکی باوکیان دۆزییەوە کە تیایدا نووسیبووی: رۆڵەکانم ئەو بەرهەمەی ئێستا دەستتان دەکەوێ، ئەوە زێڕەکەیە و سوودی لێی وەربگرن.









### کاوڕ

ئەرکەکانت قورسن و زیاتر دەبێت خۆت خەریکیان بیت و کاریان لەسەر بکەیت. هەرگیز متمانە بەو کەسانە مەکە کە هیچ نهێنییەکی خۆیانت بۆ باس ناکەن و دەیانەوێت سەرجەم نهێنییەکانت بزانن. پێویستە باش بیر بکەیتەوە سەبارەت بە ئایندەی پێوەندی سۆزداریت، هەموو کاتێك لێبوردن لە دڵشکاندن باشترە.



### گا

هەمیشە بڕوات بە خۆت بێت و کاردانەوەت هەبێت، لەوانەیە بەم نزیکانە چاوت بەو کەسە بکەوێت کە زۆر بیری لێدەکەیتەوە، سوود لەو دیدارە وەربگرە و ئەوەی لە دڵتدایە پێی بڵێ، ئەویش قسەی ناخی دڵی خۆی دەکات و دیدارێکی زۆر خۆش و گرنگ دەبێت بۆ ئێوە.




### جمک

پێش ئەوەی بڕیارێك بدەی سەبارەت بە بابەتە گرنگەکان، باش بیر بکەوە و راوێژ بە کەسە نزیکەکانت بکە، ئەوەش بزانە هاوڕێکانت لەبیریان نەکردوویت، وەك بیری لێدەکەیتەوە، کاتێك هاوڕێ خۆشەویستەکانت دەبینیت، ئەو راستیەت بۆ دووبارە دەبێتەوە.



### قرژاڵ

خۆت هەوڵی خۆت بدە و کەسێکی لێبووردە بە، خەمی داهاتووت بێت، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دەستخۆشیت لێبکرێت، دوای ئەوەی توانیت بە هەوڵی خۆت ببیتە مایەی سەرنج و ڕێزێکی زۆرت لێدەگیرێت. پێویستە بەم شێوەیە بەردەوام بیت بۆ ئەوەی سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنیت.



### شێر

ئەگەر داوات لێکرا بۆ بەشداریکردن لە هەر کارێك، یان پڕۆژەیەك، ئەوا سەرەتا داوای سەرجەم وردەکارییەکان بکە و گشت زانیارییەکان بزانە ئەو کات بڕیاری کۆتایی بدە، ئەم هەنگاوە جیبەجێ بکە بۆ ئەوەی هەڵەی رابردوو دووبارە نەبێتەوە، کەسێکی بەهێزی بۆ دەوروبەر.



### گوڵەگەنم

گەشبینی و روانینت بۆ ئایندە یەکێکن لە کارە جوانەکانت، بیرۆکەی جوانت هەیە بۆ خۆت و دەوروبەرت، ئەوەی مەبەستتە لەم کاتە نایەتەدی، بەڵام پێویستە ئەوەی هەتە پارێزگارییان لێبکەیت، هەست دەکەی هەندێك گۆڕانکاری لە ژیانت روودەدەن، سوود لە ئەزموونت وەربگرە و ئەگەر هەڵەیەکت کرد، دووبارەی مەکەوە.




### شایان

ئازاری خۆت مەدە و هەمیشە بە گەشبینی و پاکی بیر بکەوە، خەونەکانت بەرەو باشی دەڕۆن. ئێستا بەخت هاوڕێتە، کاتێکی زۆر باشە بۆ ئەنجامدانی ئەو بەرنامەیەی ماوەیەکە بەنیازی ئەنجامی بدەی، ئەوەندە ئازاری دڵی کەسی بەرامبەرت مەدە، چونکە پێویستی بە تۆیە.




### دووپشک

کەسایەتیت بەرزە و پارێزگاری لە خۆت بکە، ئەرکی خۆت بە جوانی راپەڕێنە، هەستت گەورە بێت و لێبووردە بە، ئێستا لە کاتێکی زۆر هەستیاردای، بەو پێیەی چاوەڕوانی بڕیارێکی زۆر گرنگ و پێوەندیدار بە ئایندەت دەکەیت. پێویست بە دڵتەنگی ناکات دوای ماوەیەکی کەم بەختیاری رووت تێدەکات.



### کەوان

ئاواتەکانت دەبنە هۆکارێك بۆ گەشبینیت، بۆیە بەرەو گۆڕانکاری باشتر دەچیت و خەونی داهاتووت دروست دەبێت. چاوەڕوان بە لە سەرەتای ساڵی نوێ هەواڵێکی زۆر خۆشت پێدەگات و دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە خۆشییەکی زۆر بکەی، زیاتر خۆشەویستی بە کەسی بەرامبەرت ببەخشە.



### گیسک

رەنگە وا هەست بکەیت کە ئەم ماوەیە لە خۆشترین کاتەکانی ژیانت نەبێت و هەندێك گرفت بێنە سەر رێگات، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئاسایی دەبێتەوە و کۆتایی دێت. دەبێت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێزتر بکەی و کاری تازەی لەسەر بکەیت و بە هەنگاوی زیاتر خۆت ماندوو بکەیت.



### گۆزە

لەوانەیە ئێستا هەست بە ماندووبوون بکەیت و بێزار بیت، بەڵام ئەمە دوای ماوەیەکی کەم کۆتایی دێت، ئەگەر خۆشەویستت نییە، لەوانەیە دوای بەشداریکردن لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا سەرەتایەك درووست بێت. خۆت لە هاوکاری کەسانی دیکە بێبەش مەکە و ئەرکی خۆیشت راپەڕێنە.



### نەهەنگ

ئەو هەنگاوانەی خەونت پێوە بینیوە، ئێستا بەرەو ئەنجامەکانی دەچێت. بڕیاری خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرە و کەسێکیش دەیەوێ لێت نزیك ببێتەوە، هاوکاری بکە، نییەتی باشە. هەروەها هەموو هەوڵ و توانای خۆت بەکار بخە و هەوڵ بدە لەگەڵ کەسانی خێزانەکەت زیاتر بگونجێی.